جینۆساید

سـەیوان

جینۆساید «Genocide»، واتای لەناوبردن و فەوتاندنی بنەچە دەدا و خودی وشەکە لە دوو پێکهاتەی «Genos» واتە ڕەگەز و «Caeder» واتە کوشتن یان لەناوبردن پێکهاتووە.

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەم دەستەواژەیە بۆ یەکمجار لە وڵاتی ئاڵمان «گۆست گراف فۆن پلاتن» بەکاریهێناوە لە ساڵی ١٨٣١ زایینی لە کۆمەڵە شێعری «گۆرانییە هولەندییەکان». ئەو کۆمەڵە شێعرە بۆ ئەو مەبەستە وتراوە کە دژایەتیی لەناوچوون و تواندنەوەی هولەند بکا، لەو کاتەی کە ئۆتریش و پرۆیسن و ڕووسیە ویستوویانە دابەشی بکەنە سەر خۆیاندا.

لە لایەکی ترەوە پارێزەرێکی هولەندی کە ناوی «ڕافائێل لێم کین» (١٩٠٠-١٩٥٩) بوو، وشەی «جینۆساید-Genozid» کە بناغەیەکی یۆنانی هەیە دۆزییەوە و لە جیاتی «کوشتنی بەکۆمەڵ» بە کاری برد. هەروەها ئەم وشەیە لە ساڵی ١٩٤٤دا چووەتە ناو زمانی ئینگلیزییەوە. هێندێک سەرچاوەی دیکە ئاماژە بە ڕێکەوت و شوێنی تر دەکەن بۆ هاتنە ئارای وشەی جینۆساید، بەڵام زۆربەی سەرچاوەکان لەسەر ئەوە کۆک و هاوڕان کە ئاماژەم پێداوە.

لە ١٩٤٨/١٢/٩دا بڕیاری ژمارە ٢٦٠ی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە مەڕ کۆمەڵکوژیی و سزادانی ئەنجامدەرانی، دەرچوو. دواتر ئەم بڕیارە لە ١٩٥١/١/١٢دا چووە بواری جێبەجێکردنەوە. دەوڵەتی ئاڵمان لە مانگی دووهەمی ١٩٥٥ و وڵاتی ئۆتریش لە ١٩٥٨/٣/١٩ لەگەڵ چەند وڵاتی دیکە بڕیارەکەیان قبووڵکرد.

جینۆساید تەنیا فەوتاندنی فیزیکیی (جەستەیی) کۆمەڵە خەڵکێکی نەتەوەیی، ئیتنیکی، ڕەگەزی یا ئایینی نییە، بەڵکوو چەند جۆرێکە:

١ - جینۆسایدی فیزیکی (جەستەیی): کوشتن بەهەر جۆرێک بێ؛ ئیعدامکردن، گوللە بارانکردن، هێرشی سەربازی و بە کۆمەڵ کوشتن و بەکارهێنانی چەکی قڕکردن وەکوو کیمیاوی و فۆسفۆری و ژەهر و ... هتد.

٢ - جینۆسایدی بیۆلۆژی: بەربەندکردنی هەر کۆمەڵە مرۆڤێک لە پێشکەوتن و زیادبوون، وەکوو بەربەندکردنی منداڵ بوون و زیادکردن، یا لەیەک دابڕینی پیاو و ژن و دابەشکردنی کەسانی خێزان بۆ ماوەیەکی زۆر. ئەم جۆرەی جینۆساید لە هێرشەکانی ئەنفاڵ لە ساڵی ١٩٨٨ لە باشووری کوردستان پێڕەو کراوە.

٣ - جینۆسایدی کولتووری - نەتەوەیی: وەکوو قەدەخەکردنی زمان و ڕۆشنبیری و شێواندنی مێژوو. فەوتاندنی تایبەتمەندیی نەتەوەیی و نەهێشتنی یەکێتی هاوبەشی نێوان خەڵک. هەروەها وێرانکردنی شوێنەوارە دێرینەکان وەکوو ڕووخاندنی پەیکەرە و ئەشکەوت و مۆزە و گەڕەک و گەرماو و بازاڕ و مزگەوت و کلیسا و هەموو شوێنەوارێک کە پاشماوەی کۆن، یان نوێ و بەرهەمی جۆری ژیانی ئەو خەڵکە بێ.

٤- جینۆسایدی ئابووری: ئەمە دەکرێ پێی بوترێ «وێرانکردنی ئابووری» واتە وێرانکردنی سامان و سروشت و بەروبوومی ناوچەکان. تاڵانکردنی ماڵ و سامانی خەڵک، هەر لە شتوومەکی ناوماڵ تا مەڕ و ماڵات و کەرەستەکانی ژیان. هەروەها گەمارۆی ئابووری بە مەبەستی برسیکردنی خەڵک.

ئەمانە هەموویان دەبنە هۆی لەناوبردنی مرۆڤ. جگە لەوەی ڕێژەی مردن بەهۆی نەبوونی خۆراکی پێویست و داودەرمان و زیادبوونی نەخۆشییەوە زیاد دەکا و دەبێتە هۆی کۆچکردنی بەردەوامیش کە ئەنجامەکەی چۆڵکردنی جێگەی دێرین و ڕەسەنی خەڵکەکەیە، ئەوەیش زۆرجار دەبێتە هۆی پەرتەوازە کردن و لەدەست دانی داب و نەریتی کۆمەڵایەتی و فەوتاندنی کولتووری نەتەوەیی.

جینۆساید لە یاسای نوێی نێودەوڵەتیدا وەکوو تاوانێکی سەربەخۆ کە تایبەتمەندیی جیاوازی هەیە لەگەڵ تاوانەکانی دیکەدا، دیاریکراوە. لە تاوانی جینۆسایددا دوو پێکهاتەی زۆر گرنگ هەن کە دەبێ لە ڕووی مەبەست و ژمارەی قوربانییەوە چاوی لێبکرێ:

١- مەبەست: ئەم تاوانە جیاوازە لە تاوانی دیکە، چونکە مەبەستی سەرەکی جینۆساید قڕکردنی بەشێک یا سەرجەمی کۆمەڵە مرۆڤێکە. بوونی «مەبەست»ی نەهێشتنی کۆمەڵە مرۆڤێک، چ بەشێکی یا سەرجەمی، خەسڵەتێکی تایبەتی بە جینۆساید دەدا و لە تاوانی دیکەی جیا دەکاتەوە.

٢- ژمارەی قوربانی: لەبەر ئەوەی لە جینۆسایددا مەبەست لەناوبردنە، ژمارەی قوربانی لەبەرچاو ناگیردرێ و تەنیا مەبەستە کە لەبەرچاو دەگیردرێ. ئەنجامدانی تاوانەکەش مەرج نییە قوربانیی زۆری هەبێ، کەم و زۆری لەبەرچاو ناگیردرێ بۆ دیاریکردنی تاوانی جینۆساید و تاوانبارانی.

بەندی یەکی پەیماننامەی ١٩٤٨ لە لایان ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لەسەر قەدەخەکردنی تاوانی جینۆساید، وڵاتانی بەشدار لەو پەیماننامەیە ناچار دەکا ڕێگە لەو تاوانە بگرن و سزا بخەنە سەر ئەنجامدەرانی؛ چونکە جینۆساید بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی پێشێل دەکا. ئەوەی زۆر جێی بایەخە و گرینگە ئەوەیە ئەو پەیماننامەیە لە سەردەمی ئاشتیشدا لە کاردایە و ئەم بڕگەیە لە زانستی یاسای نێودەوڵەتیدا بەگشتی دانی پێدانراوە.

بەندی دووهەمی ئەو پەیماننامەیە مەبەستی تاوانی جینۆساید دیاری دەکا: «بەڕێوەبردنی ئەو تاوانە بەمەبەستی قڕکردنی سەرلەبەر یا بەشێکی هەر گرووپێکی نەتەوەیی، ئەتنیکی، ڕەگەزی یا ئایینی». کەواتە ئەگەر ئەم مەبەستە لە ئارادا نەبێ، ئەو کردەوەیە جینۆساید نییە، ئەگەر چی لە شێوەی ئەو تاوانەش بووبێ. هەر لەو بڕگەیەدا هاتووە :« تاوانی جینۆساید بەهۆی مەبەستی تاوانەکەوە لە تاوانەکانی دیکە جیا دەکرێتەوە».

لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە «مەبەست»ی کوشتاری ئینسانەکان دەتوانێ جینۆساید جیا بکاتەوە لە تاوانی دیکە، نەک ڕادەی کوژراوەکان. بە واتایەکی تر، ئەو کوشتارە بە جینۆساید دەناسرێ کە بە مەبەستی بنبڕکردن و قڕکردن ئەنجام درابێ.

جۆری ئەو تاوانانەش کە دەبێتە جینۆساید، لە بەندی دووهەمی پەیماننامەی ١٩٤٨دا دیاریکراوە:

١- کوشتنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٢- زیانگەیاندن بە لەش و شێواندنی بیری ئەندامانی ئەو کۆمەڵە.

٣- دانانی ئەو کۆمەڵە لە ژێر بارودۆخێکی سەختدا بە ئەنقەست کە ببێتە هۆی فەوتاندنی هەموو یان بەشێکی.

٤- تەگەرە خستنە بەر منداڵ بوون لە نێو کۆمەڵێکی تر.

٥- بە زۆر ڕاگواستنی منداڵ لەو کۆمەڵە بۆ کۆمەڵێکی تر.

بەندی سێهەمی پەیماننامەکە ئەنجامدەرانی تاوانی جینۆساید دیاریدەکا، کە ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەشدارییان تێداکردبێ و بکەری ئەم کارانە بە تاوانبار دەناسرێ: ١- جینۆساید، ٢- پیلانگێڕان بە مەبەستی جینۆساید، ٣- هاندانی ڕاستەوخۆ و ئاشکرا بە مەبەستی جینۆساید، ٤- حەوڵدان بۆ ئەنجامدانی جینۆساید، ٥- بەشداریی کردن لە جینۆساید.

بەندی چوارەمی ئەو پەیماننامەیە سزا دەخاتە سەر کەسانی دیاریکراوی تاوانی جینۆساید؛ لێپرسینەوە لە ئەنجامدەرانی ئەو تاوانانەش پێوەندیی نییە بەوەی دەستوور و یاسای ناوخۆیی وڵاتەکە لێپرسینەوە بخاتە ئەستۆیان یان نا. واتە ئەگەر لە یاسای ناوخۆی دەوڵەتێکدا قەدەخەکرابێ یا نەکرابێ تاوانباران مەحاڵە دەربازیان بێ لە بەرپرسیارێتی نێونەتەوەیی، چونکە ئەو تاوانە ئەوەندە سەخت و دڕندانەیە کە لێخۆشبوونی نییە.

بەندی شەشەمی پەیماننامەکە چۆنیەتیی سزادانی تاوانباران و ئەنجامدەرانی جینۆساید دیاری دەکا و بەو پێیە «دەبێ بەدادگایەکی ئەو وڵاتەی کە تاوانەکەی تێدا ئەنجامدراوە، دادگایی بکرێ. یان لە لەلایەن دادگایەکی یاسایی (جنائی) نێونەتەوەییەوە سزا بدرێ و دەبێ لە لایەن بەشدارانی پەیماننامەکەوە هاوکاریی ئەو دادگاییە بکرێ.

زۆرجار پرسیاری ئەوە لامان دروست دەبێ کە بۆچی سەرەڕای ئەوەی نەتەوەیە کگرتووەکان چاوی لە تاوانێک لە وڵاتێکدا بووە، بەڵام لە بەرانبەریدا بێدەنگ بووە و متەقی نەکردووە. «جۆن سپینگەر» لە کتێبی خۆی لە ژێر ناوی «جینۆساید»، لە بەشی «خۆلادان لە وشەی جینۆساید»دا باسی لە چەند هۆکارێک کردووە کە نەتەوە یەکگرتووەکان بە هۆیانەوە هەندێک جینۆسایدی وەک تاوانی جینۆساید نەناسیوە.

یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی خۆلادانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە دانپێدانان بە کردەوەی جینۆساید، شەڕی نێوان وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و هاوپەیمانەکانی بوو. شەڕی سارد لە ١٩٤٦ەوە دەستیپێکرد و تا ساڵی ١٩٩١ درێژەی کێشا؛ ئەمە وایکرد کە یەکڕا بوون لەسەر مافەکانی مرۆڤ تا ڕادەیەک زۆر ببێتە کارێکی مەحاڵ لە لایەن وڵاتانی بەشدار بوو لە نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

هۆکاریکی تریش ئەوە بوو کە جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤ لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٧ دەرکرا، و لە چوارچێوەی هەمان سیاسەتدا دەخولایەوە. بۆیە ڕەچاوی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤی نەدەکرد و لە جیاتی ئەوە، جەختی دەکردەوە لە سەر پێناسەی مرۆڤ و ڕەشنووسی ڕێککەوتنە نێودەوڵەتییەکان و ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەو بارەیەوە.

هۆکارێکی تری وەلانانی وشەی جینۆساید یا خۆپاراستن لێی لای نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بۆ ئەوە دەگێڕێتەوە کە هەر کاتێک دانیان بە کردەوەی جینۆسایدا دابنابا، لە هەر ناوچەیەک کە بیووایە، دەبا دەخاڵەتی ڕاستەوخۆیان بۆ وەستاندنی کارەساتی مرۆیی لەوەجۆرە بکردایە. بۆیە هەموو کاتێک خۆیان دەپاراست لە دانپێدانان بە کردەوەی جینۆساید.

سەرەتای دەسپێکردنی کاری نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ وەستان لەبەرانبەر پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ ساڵی ١٩٦٠بوو کە لە سەر کێشەی ڕەگەزپەرەستیی باشووری ئەفریقا بوو.

هیچ هەڵوێست وەرگرتنێکی تری جیهانی سەبارەت بە کردەوەی جینۆساید لە جیهاندا ڕووینەدا تا کۆتایی پێهاتنی کۆمەڵکوژییەکەی ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤.

لەیەکێک لەو سەرچاوانەی لەسەر جینۆساید نووسراون ئاماژە بە ٨ خاڵی جینۆساید لە جیهاندا کراوە. لە کتێبی «جینۆساید» لە نووسینی «جۆن سپینگەر» ئەنفالی ١٨٢ هەزار کورد بە دەستی دەوڵەتی عێراق، وەک خاڵی شەشەمی تاوانەکانی جینۆساید ناوی لێبراوە.

هەروەها لە سەرچاوەیەکی دیکەدا ئاماژە بە ١٦خاڵ کراوە کە بە جینۆساید ناسراون لە جیهاندا و وەک بەشی کۆتایی ئەم بابەتە لە خوارەوە دەیخوێننەوە :

١- کوشتنی بە کۆمەڵی کەتهارین Albigen ser (١٢٠٩-١٢٤٢).

٢ - قەتڵوعامی دانیشتووە ڕەسەنەکانی وڵاتی ئەمریکا، سوورپێستەکان (لە باشوور پێیان دەوترێ هیندییە سوورەکان).

٣- کوشتنی بە کۆمەڵی هاووڵاتییە ڕەسەنەکانی ئۆسترالیا.

٤ - کوشتنی بە کۆمەڵی ئیرلەندییەکان لە ساڵانی ١٨٤٥-١٨٤٩.

٥- کوشتنی بە کۆمەڵی Herero لە باشووری ڕۆژئاوای ئەفریقا لە وڵاتی نامیبیای ئەمڕۆ بە دەستی هێزەکانی ئاڵمان.

٦- جینۆسایدی گەلانی هێندوو Indianer لە ساڵی ١٩١٠ لە فۆیەرلاند.

٧ - قەتڵوعامی ئەرمەنییەکان (١٩١٥-١٩٢٣) لە ڕۆژهەڵاتی ئانادۆل-تورکیا بە دەستی تورکەکان.

٨ - کوشتنی بە کۆمەڵی جوولەکەکان کە لە مێژوودا بە هۆلۆکاست ناسراوە و بە دەستی ڕێژیمی نازیی هیتلەر. لە ١٩٤٥زیاتر لە ٦ ملیۆن جوولەکە کوژران.

٩ - قەتڵوعامی Esten و letten و Litauern لە سەر دەستی ستالین لە ساڵانی ١٩٤١-١٩٤٤-١٩٥٣.

١٠ - قەتڵوعامی بەکۆمەڵ لە Burundi لە ساڵی ١٩٧٢.

١١ - قەتڵوعامی کەمبودییەکان ساڵی ١٩٧١- ١٩٧٩. ئەم کوشتارە لە لایان ڕێکخراوی «خەمیری سوور»ەوە ئەنجام درا.

١٢ - قەتڵوعامی وڵاتی چاد لە لایان حسەین هیبرییەوە.

١٣ - قەتڵوعامی گرووپە ئیتنییەکانی خوارووی سوودان لە ساڵی ١٩٨٤. ئەم قەتڵوعامە لە ساڵانی ١٩٨٧-١٩٨٩ڕوویداوە. ئەمە جینۆسایدی ئەفریقاییە ڕەشپێستەکانی هەرێمی دارفور بوو و تەنها لە ساڵانی ٢٠٠٤ و ٢٠٠٥ نزیکەی ٣٠٠ هەزار کەسیان لەو ڕەشپێستانە کوشت. جێی باسە کە عومەر بەشیر ی سەرۆکی سوودان لە لایان دادگای نێودەوڵەتیی لاهەوە بە تاوانباری یەکەمی ئەو کوشتارە ناسراوە.

١٤- قەتڵوعامی تووتسییەکان لە ڕواندا لە ساڵی ١٩٩٤.

١٥ - قەتڵوعامی یوگوسلاوی لە ساڵانی ١٩٩٢-١٩٩٥ لە لایان سێربەکانەوە بە دژی دانیشتوانی بۆسنی و بە هەمان شێوە کۆمەڵکوژییەکەی سێریبرینیکا کە دەیان هەزار هاووڵاتی بوونەتە قوربانی ئەو کۆمەڵکوژییە و زۆربەی تاوانبارانی ئەو تاوانە درانە دادگای نێودەوڵەتی لاهای.

١٦ - کوشتنی بە کۆمەڵی ئۆکرانییەکان بەهۆی برسی ڕاگرتنیان لە لایان ستالینەوە لە ساڵانی ١٩٣٢-١٩٣٣ کە ئەوەیش لە مێژوودا ناسراوە و هەزران کەس لە دانیشوانی ئۆکراین لەو پرۆسەیەدا بوونە قوربانی.